# جینۆسایدی گەلی کورد لەبەرچاوی(هەژاری عەزیز سورمێ)دا

مەسعوود پەرێشان

**بەرایی:**
بەراستی نازانم لە کام دەراق و کەلێنەوە دەست بەخوردکردنەوەی ئەم درشتنامەیەدا بکەم. بەوەی گەلی کورد هێندە چەوسانەوەو مەزلوومییەت و رەشەکوژیی و کیمیاباران و جینۆسایدو لەناوبردنی بەجۆرەها شێوەی بەکۆمەڵی بەخۆیەوە بینیوە، کە نە لە ئەژمار دێن و نە بەکتێبێک دووان و سەدانیش بەکۆتا دێت. بەرهەمگەلێکی زۆریشمان لەبەردەستەو کەسانێکی زۆرتریش خۆیان بۆ ئەو مەرگەساتە راستەقینەیە تەرخان کردووە، بەڵام بەشی هەرەزۆرینەی بۆ رێکی نایشتەیەو زیاتر لە (سەرکووزی) دوای سەرخەرمان دەچن!

*** تایبەتمەندیی هەژار لەم کتێبەیدا.**
هەژاری عەزیز سورمێ لە کتێبێکی نایاب و دەگمەندا تاکوێنە خۆی دەنوێنێ و بەجۆرێکی دیکە دێتە ئاخاوتن و بەجۆرێک دەکەوێتەوە، کە پیاو بگاتە ئەو باوەڕەی بڵێ: ئەو کوڕە کوردە دڵسۆزە هێندە بەپاکی و مەردایەتی و ئەکادیمی باوەڕپێکراو کاری لەو تراژیدیایەی گەلەکەی خۆی کردووە، کە لەوەوپێش نەکراوەو زۆریش زەحمەتە بەهەمان شێوە کتێبێکی دیکەی هاوچەشنی خۆی بنووسرێتەوە، بەوەی هیچ خاڵ و کون و کەلەبەرێکی پەیوەست بەو کێشەیەی نەهێشتۆتەوە، کە باسی نەکات و بە بەڵگەی زیندووی حاشاهەڵنەگریش لەسەری نەوەستێتەوە. کە هەر ئەوەش وام لێدەکات لە بەرایی هەر قسەکردنێکمدا ئەوپەڕی دەستخۆشی لە کاکە هەژار بکەم، کە بەخوێندنەوەی کتێبەکەی ئەدیبێکی وەکو من ناچار بکات راساندن بۆ کتێبەکەی بکەم، کە ئەوە کاری راستەقینەی نووسەرێکی یاساناسە، نەک بەندەی شاعیرو رۆژنامەنووس.

*** خودی هەژار**
پێش ئەوەی کتێبە درشتەکەتیان بۆ خوردبکەمەوە، بەپێویستی دەزانم (هەژار)تان پێ بناسێنم. وەکو ئەوەی خۆم ناسیومەو لە نزیکەوەش لەگەڵیدا ژیاوم و راوبۆچوونی راشکاوانەی خۆیشم لەسەریدا هەیە!
هەژار کوڕی سێیەمی(عەزیز سورمێ)ی تێکۆشەرو کوردپەروەری رەحمەتییە، کە دوای خۆی هەر تەنها (رزگار) لەو بچووکترەو لە ئەدگارو ئاکاردا، رێک چۆتەوە سەر ئەدگارو ئاکارەکانی باوکی رەحمەتی خۆی و زۆر بەزەحمەت لەگەڵ براکانی دیکەی (هاوکۆک) دەکەونەوە بەوەی(نەژاد)ی براگەورەی لەگەڵ ئەوەی شاعیرێکی هەست ناسک و ناسراوەو رۆژنامەنووسێکی بەتواناشە، بەڵام خودی

کەسایەتییەکەی بەلای سۆزدارییەوە لاربۆتەوەو هەندێجاریش زەرەری لەو سۆزدارییە زیاد لە پێویستدا کردووە. کاکە(شۆڕش)یش بەقەد(نەژاد)ی براگەورەیان ناسکە، بەڵام بەزەحمەت دێتە ژێربارەوەو بەدەگمەنتریش لە خشتە دەبرێ! بەڵام خودی هەژار کەسێکی خودان بیروباوەڕی چەسپاوی خۆیەتی و باکیشی بەوەنییە لەسەر سەلماندنی ئەو راستییانە دووچاری شەڕەمەست و ئەولاتریش ببێتەوەو هەر بەوەش دەتوانین بێژین: کەسێکی سەرسەختی راستی پەرستەو لە هەموو ئەوانەش مەزنتر ئەوەیە، لە قسەکردن و نووسینەوەش خودان زمانێکی پاراوو رەسەنی کوردەوارییە.

*** کتێبەکەی!**

لەدووتوێی(٣١٢) لاپەڕەی قەوارە مامناوەندیدا دەزگای موکریان ئەو کتێبەی(هەژاری عەزیز سورمێ)یان بەچاپ و پەخش گەیاندووە، کە هەزار دانەیان لێی چاپکردووە(وەکو چاپی دووەمی ئەم کتێبە)، کە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کتێبەکە فرۆش و رەواجی هەبووە، بۆیە بۆ دووەمین جار چاپکراوەتەوە!

*** ئەوەی لە چاپی یەکەمیدا(نییە)**

ئەوەی لە یەکەمین چاپی ئەو کتێبەدا بەرچاو ناکەوێ و لە دووەمین چاپیدا بۆتە دەستپێک، بریتییە لە نامەکەی جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی کە دوای ئەوەی چاپی یەکەمی کتێبەکەی بەدیاری بەدەست گەیشتووە، نامەیەکی ئاراستەی نووسەرەکەی کردووەو تیایدا دوای دەستخۆشی زۆر بەراشکاوی سوپاسی ئەوەیشی دەکات، کە ئەم کتێبەی داهێناوەو دواتریش بێگومانی خۆی دەرخستووە لەوەی کتێبەکە جێگەی شایەنی خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا بەردەکەوێ و ئەمجۆرە نرخاندنەش بەو مەزنییە لە لایەن جەنابی سەرۆک بارزانییەوە ئەوپەڕی مەزنایەتی بەکتێبەکەو ناوەرۆکەکەیشی دەبەخشێ، چونکە جەنابی سەرۆکی کوردستان کەسێکی هێندە خوێندەوارو وشیارە لەخۆڕا هیچ رایەکی راشکاوانەی لەمجۆرە ناخاتە نێو نامەیەکی کراوە، ئەگەر لە راوبۆچوونەکەی خۆی دڵنیا نەبێت، بۆیە ئەو نامەیەی جەنابی سەرۆک بارزانی بەشایستەترین دیاری و خەڵات دەناسێنم بەرامبەر ئەو کتێبە پڕ بەهایەی هەژار، کە لە رۆژی ئەمڕۆکەماندا بەیەکێک لە دیکۆمێنتە ئەکادیمییە باڵاکانی دەناسێنم!




*** دووەمین شایەتمانیی:**

دوای ئەو پەسندکردنە نامەیەکی دیکەی دکتۆر سەعدی بەرزنجییمان دێتەپێش، کە ئەویش وەکو یاساناسێکی ناسراوی باوەڕپێکراو، مەحاڵە شتێک پەسند بکات. ئەگەر بەوپەڕی قەناعەتەوە نەگەیشتبێتە ئەو باوەڕەی لە نامەکراوەکەیدا، بەهەژاری عەزیز سورمێ بڵێ: ئەم باسەی کە هەڵت بژاردووە باسێکی بەپێزو گرنگەو سوارچاکانە بەئەنجامتان گەیاندووە، کە واتای ئەوەمان پێدەدات کە بابەتێکی زۆر تایبەت و دەگمەن و پڕ بوێریشە، کە کەسێکی ئەکادیمی بەوجۆرە لەسەری بوەستێتەوەو ئەو جۆرە کتێبەشی لێ وەبەرهەم بهێنێ کە نەک هەر شایستەی دەستخۆی لێکردنە، بەڵکو شایستەی بروانامەی رێزلێنانیشە! دوای ئەوەش کە دەڵێ: خۆشبەختانە بەزمانێکی کوردیی رەوان و پاراویش نووسراوەتەوەو هیواداریشە بەزووترین کات بەچاپ بگات! زیاتر مەبەستەکەی من لە ناساندنی ئەو کتێبە خێراتر دەکات بەوەی ئەگەر کتێبێک کوردییەکەی تەواو نەبێت خوێندنەوەی بۆ ناکەم و خوێندنەوەی کتێبەکەشم پێ تەواوناکرێ و لە چارەگ و نیوەشیدا فەرامۆشی دەکەم! هەڵسەنگاندنەکەی برای گەورە بەرزنجیش بەهەند وەردەگرم، کە زمانی نووسینی ئەو کتێبەی بەشایستە ناساندووەو

فەرمایشتەکەیشی بەچاپکردنی کتێبەکە(بەوپەڕی خێرایی) دەکەمە شایەدحاڵی ئەوەی ئەم کتێبە شایستەی ئەوەیە سەرلەبەریتان بۆ خوردبکەمەوە!

**پێشەکییەکەی:**

ناوەرۆکی ئەم چەند لاپەڕەیە گوزارشتێکە لە ژیانی هەموو ئەو کەسانەی باوکیان ژیانی پێشمەرگایەتی هەڵبژاردووەو خانەوادەکەیشی کەوتوونەتە بەر لێپرسینەوەو ئازاردان و راوەدوونان و پشکنینی بەردەوامەوە، کە کاکە هەژار زۆر بەئازارەوە ئەو یادەوەرییانەی لەو پێشەکییە حەوت لاپەڕەییەدا تۆمارکردووەو دواتریش هەر لەوێدا مێژوویەک دەگێڕێتەوە، کە بریتییە لە دووجار سووتاندنی ماڵەکەیان لە ساڵی ١٩٦٢ و ١٩٦٧ دواتریش دێتە سەر ساڵی ١٩٧١و گڵاوترین نەخشەی لەناوبردنی مەلامستەفا بارزانی نەمرو لەوێشەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤ کە رژێمی بەعس لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەز دەبێتەوەو موعاناتی ئەوسای خۆی و خانەوادەکەی و رۆڵەکانی گەلەکەی خۆشمان بۆ باس دەکات و لەدووتوێی ئەو هەموو زوڵم و زۆرەشدا جینۆسایدکردنی گەلی کوردمان لەو سەردەمەدا بۆ تۆماردەکات و دوای ئەوەش کتێبەکەی خۆیمان لە شەش بەشی جیاجیا پێشکەش دەکات، کە من لەو روانینەدا هەوڵدەدەم ناوەرۆکە درشتەکەی هەر شەش بەشەکەتان بۆ خوردبکەمەوە، کە ئەو ناوی ناون(شەش پار).

*** پاری یەکەم:**

لە بەرایی ئەم بەشەدا، نووسەر باس لە جینۆساید دەکات وەک واتاو دیاردەو مێژوو و تاوانی نێودەوڵەتی، کە ئەمە هەر هەموو ناوونیشانەو لە پێشەکییەکی کورتی دوو لاپەڕەییدا باسی ئەم تاوانەمان بۆ دەکات کە بەدرێژایی مێژوو لە لایەن دیکتاتۆرو شەڕانگێزو تاوانکارانەوە بەوەحشیانەترین شێواز ئەنجامدراوە، بەڵام دوای شەڕی دووەمی جیهانی بەهۆی رێککەوتنێکی نێودەوڵەتی، کە زیاتر لە سەد دەوڵەت واژۆیان کردووە، وەکو تاوانێکی قەدەغەکراوی نێودەڵەتی ناساندوویانەو سزاش بۆ ئەنجامدەرانی داندراوەو دوای ئەوەش ئەم(پار)ەی بەسەر چوار پشکدا دابەش کردووە بەمشێوەیەی خوارەوە:-

- **پشکی یەکەم: مانای(جینۆساید)**

لەم پشکەدا کاکە هەژار دەستەواژەی(جینۆساید)مان پێدەناسێنێ، کە دەستەواژەکەی کردۆتە دوولەت، یەکەمیان مانای رەگەز دەبەخشێ و دووەمیان کوشتن و بەسەر یەکەوەش مانای کوشتنی رەگەزێکی دیاریکراوی مرۆڤمان پێدەبەخشێ و لەمەفهوومیشدا مەبەستی کوشتنی بەکۆمەڵ و قڕکردن و کۆکوژی دەبەخشێ.

- پشکی دووەم: شوێنی جینۆساید لەنێو تاوانەکانی دیکەو جوێکردنەوەی، کە لە بەراییەکەیدا دەڵێ: هەموو تاوانە کۆکوژییەکان لەیەک دەچن، بەڵام لەگەڵ هەندێش بۆ چواربەشی جیاجیا پۆلینی کردوون، بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**١- تاوانەکانی دژ بەئاشتی.**

کە بەم دەستپێکە دەچێتە نێو باسەکەیەوەو دەڵێ: مەبەست لەمە ئەو هێرش و دوژمنکارییە چەکدارانەیە کە بەپیلانێکی داڕێژراوی بەروەختەوە لە لایەن دەوڵەتی دەستدرێژکارەوە دەکرێتە سەر دەوڵەتی دەست بۆ درێژکراو بە سێ هەنگاو، (پڕۆپاگندەی راگەیاندن، پیلانگێڕان و راگەیاندنی شەڕی دوژمنکاریی)، کە دواتر هەر سێ قۆناغەکە شیدەکاتەوە، کە چۆن بەئەنجام دەگەیەندرێن و دوو نموونەش دەهێنێتەوە، کە لە هەردووکیاندا(ئێراق) تاوانبارە سەرەکییەکەیە، بەوەی لە یەکەمیاندا شەڕی بەئێران فرۆشت و لە دووەمیشیاندا(کوێت)ی داگیرکرد.

**٢- تاوانەکانی دژ بەئاسایشی بەشەرییەت.**

مەبەستی نووسەر لەمجۆرە تاوانەدا بریتییە لەو کەتنە گەورانەی دڵەڕاوکێ و ترس و لەرز دەخەنە دڵی خەڵک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە، بەبێ ئەوەی بگاتە حاڵەتی شەڕ لەنێوان دوو وڵاتدا. هەر وەکو رفاندنی فڕۆکەو تیرۆرو تەقینەوەو زۆر جۆرە تۆقاندنی دیکە، کە ئەویش بەچەند رێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی قەدەغەیەو سزای گەورەشی لەسەرە.

**٣- تاوانەکانی جەنگ.**

بریتین لەو تاوان و سەرپێچییانەی لە کاتی شەڕدا دەرهەق بەیاساو دابونەریت و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دەکرێن. لەوانەش: هەڵسوکەوتی

نامرۆڤانە بەرامبەر نەخۆش و بریندارو دیلی جەنگ و تێکدانی دامەزراوە گشتییەکان و رفاندنی ئافرەتان و زۆر جۆرە تاوانی هاوشێوەش.

**٤- تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی:**

ئەمەیشی بەجیاوازی رەگەزایەتی و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی ناساندووەو دابەشی سەر سێ خاڵی کردوون.

أ- ئەنجامدانی هەر کارێک بەمەبەستی لەنێوبردنی گشتی، یان بەشێکی هەر کۆمەڵگەیەک و هەر گرووپێکی دیاریکراو.

ب- خۆبەزلترزانین لەسەر بنەمای رەگەزو رەنگ و بنەچەو ئایین، کە بەرنجامەکەی جیاوازی و دوورخستنەوەو خۆ لەپێشترگرتنی لێبکەوێتەوە.

جـ - هەر لەناوبردن و چەوسانەوەیەک دەگرێتەوە، کە بەهۆکاری سیاسیی و تایفەگەری و ئایینەوە ئەنجام دەدرێن.

- لە کۆتایی ئەم پشکەیدا، دڵرۆشنە بەوەی توانیوبەتی جینۆسایدمان پێبناسێنێ وەکو تاوانێکی دژ بەمرۆڤایەتی و بەوەش شادومانە، کە پێمان دەڵێ: ئەم تاوانە لە کاتی جەنگ و لە کاتی ئاشتیشدا بەزۆر شێوازی جیاجیا پیادە دەکرێن.

* پشکی سێیەم: نموونەی جینۆساید لە مێژووی دنیاو کوردیشدا، ئەم پشکەیش وەکو ناوونیشانەکەی بە دوو لەتی کردووە:

**١- لە یەکەمیاندا:** تاوانی جینۆساید وەکو دیاردەیەکی مێژوویی دەناسێنێ، کە پێش زایین بابلییەکان قەسابخانەیەکیان بۆ ئاشوورییەکان ناوەتەوەو دواتر دێتە سەر نەبوخوزنەسرو هۆلاکۆو دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکاو مەیسەلەی بڵاوکردنەوەی ئەفیوون و بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە لایەن ئەڵمانەکانەوە دژی فەرەنساو شەڕی نێوخۆی ئیسپانیاو جەنگی دووەمی جیهانی و قەسابخانەی دێریاسینی ئیسرائیل و دواشەڕی جیهانیش کە لە بۆسنە ئەنجامدراوە چل هەزار مرۆڤیش بوونە قوربانیی.

**٢- دێتە سەر جینۆساید لەنێو ئێمەی کورددا:**

کە ئەمە دووەمین بەشی ئەو پشکەیەتی بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە، بەوەی کاکە هەژار لەو باوەڕەدایە، کە مێژووەکەی بۆ سالانی ١٩٨٧-١٩٨٨ ناگەڕێتەوە، کە لەو دوو بەروارەدا گەلەکەمان دووچاری ئەنفال و کیمیاباران و لەناوچوونی سەدان هەزارکەس بووەوە، بەڵکو سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدەی پێش زایین و دواتر دێتەسەر مێژووی عوسمانییەکان و ئەتاتورک و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و قڕکردنی نەوەدهەزار گوندی کوردان لەسەر دەستی ئەتاتورک و کێشەی کوردانیش لە سەردەمی شای ئێران و بەشی باشووری کوردستانی خۆمان و هەموو ئەو شۆڕشانەی کە تیایدا بەرپاکراون و هەموو ئەوانەش کە لەنێوبراون، کە بەشۆڕشی ئەیلوول دەستپێدەکات و راپەڕینی ١٩٩١ی بەدوادا دێت و ئەمڕۆی سەربەخۆیی لێدەکەوێتەوە، کە لەنێو ئەو دوو بەروارەدا دەیان نموونەی زەقی جینۆسایدی خۆمانمان بەرچاو دەکەوێ، لەوانەش:-

- هەشتی حوزەیرانی ١٩٦٣ی تاوانکار زەعیم سدیق بەرامبەر بەخەڵکی شاری سلێمانی و سەدو قسوور شەهیدەکەی. بۆردومانەکەی قەڵادزێی ساڵی ١٩٧٤و هەشت هەزار بارزانییە ئەنفالکراوەکانی ساڵی ١٩٨٣و ئەنفال و کیمیابارانکردنی سەدان هەزار کەسی ساڵی ١٩٨٨و زۆر نموونەی دیکەش.

* پشکی چوارەم: ناساندنی جینۆساید وەک تاوانێکی نێودەوڵەتیی، کە ئەمە بەگرنگترین بەشی نێو ئەو(پار)ەی کتێبەکەی هەژاری عەزیز سورمێ دەژمێردرێ، بەوەی توانیویەتی هەم تاوانەکە بەگوێرەی پێویستی خۆی بناسێنێ و هەم لە پۆلینکردنەکەشدا جوانترین سەرکەوتن بەدەست بێنێ، بەوەی توانیویەتی هەموو جۆرەکانی جینۆسایدو کۆمەڵکوژیی و هەڕەشەو ترساندن و لەناوبردنمان بەچوار شێوەی جیاواز بۆ خوردبکاتەوە، بەهەناسەیەکی زۆر زۆر خاوی درێژخایەن، کە هەر بەوەش لە لای هەمووومان دەبێتە یەکێک لە مافپەروەرو داهێنەرە هەرە پێشەنگەکانی مافی مرۆڤی کورد لە کوردستانی ئازاد.

**تێبینی:** هەژار سی سەرچاوەو پەراوێزی بۆ ئەم پارەی تەرخان کردووە.

**پاری دووەم:**

لە پێناسە بەراییەکەی، بریتییە لە جینۆساید، بەمەفهوومە فراوانەکەی، یان رێگا جۆراوجۆرەکانی

ئیبادەکردن، کە کاکە هەژار ئەمەیشی بۆ سەر پێنج پشک دابەشکردووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: کوشتن و قەتل و عامی راستەوخۆ ئەم جۆرەیانی بەمەترسیدارترینیان ناساندووە، بەوەی کوشتن و قەتل و عامی راستەوخۆو نانەوەی قەسابخانەو خاپوورکردنی دێهات و شاروشارۆچکەو بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراویش دەگرێتەوە، کە نووسەر پێیوایە رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ وەک هەولێکی رەتکردنەوەو بنبڕکردنی گەلی کورد لەوە زیاتری پێمان کردووە، بۆیە تاوانەکانی ئەو رژێمەی دابەش کردۆتە سەر شەش بەشی سەربەخۆ:

**١- لەسێدارەدان و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ:**

رژێمی بەعس لەپێناوی مانەوەی خۆیدا بێ ئەوەی گوێ بەپەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بدات خەڵکێکی یەکجار زۆری لە ئێمەی کورد لەسێدارە داوە بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان هەبووبێت، تا ئەو ئاستی کەسانی وای لەسێدارەداون، کە تەمەنیان لە خوار سەپاندنی ئەو سزایەدایە، کە بەقەولی نووسەر بەپێی راپۆرتی رێکخراوی لێبووردنی گشتی ساڵی ١٩٨٧، سەدان حاڵەتی لەمجۆرەی تۆمارکردووەو دواتریش چەندین نموونەی لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی بەنموونە هێناوەتەوە، لەوانەش لەسێدارەدانی سەدو پەنجا کەس لە گوندی چیمەنی سەر بەشاری کەوکووک و بیست و سێی دیکەی شەقڵاوەو دەیانی دیکە.

**٢- جینۆساید لەڕێگای بەکارهێنانی ژەهرەوە:**

زۆر بەکورتی لەسەر ئەم خاڵە وەستاوەتەوەو دوو نموونەشی هێناوەتەوە، کە لە یەکەمیاندا بەهۆی ئافرەتێکی بەکرێگیراوەوە پەنجا پێشمەرگە قڕو سەقەت بوون و لە دووەمیشیاندا لە کاتی ئەنفالکردنی بادینان لە یەکێک لە ئۆردوگاکانی تورکیا، بەنانی ژەهراوی دوو هەزار کوردی لەناوبردووە. کە ئەوەش لەڕێگەی کرێگرتەکانی بەعسەوە ئەنجامدراوە.

**٣- فڕۆکەو چەکی تەقلیدی:**

وەکو نووسەر دەڵێ: باڵە فڕەکانی رژێم هەرکاتێک هێرشیان بۆ سەر ئاسمانی کوردستان هێنابێت. ئەوا خاڵ و شوێنە شارستانی و بێ دیفاعەکانیان کردۆتە ئامانجی سەرەکی و کە نموونەش دەهێنێتەوە دەیان نموونەی نزیکی لەبەردەستە، لەوانەش: کە فڕۆکەکانی بەعسی لە ساڵی ١٩٧٤ هێرشیان کردە سەر شارۆچکەی قەڵادزێ(١٣١) کەسی بێ گوناهیان شەهید کردو لە هەمان ساڵدا لەسەر پردی گەڵاڵە(٩٠) کەسی دیکەیان شەهید کردو چەکە تەقلیدییە بەکارهێنراوەکانی ئەم هێرشانەش، کە زۆربەیان قەدەغەبوون، بریتی بوون لە بۆمبی ناپاڵم و چەکی دیکەی فسفۆری و هێشوویی و تی ئێن تی و زۆری دیکەش.

**٤- چەکی کۆکوژی کیمیایی:**

لە قۆناغێکی دیکەدا سەدامی گۆڕبەگۆڕ وایزانی کورد بەرەو بەکۆتایی هاتن دەبات، بۆیە هانای بۆ چەکی کیمیایی برد، کە هەموو کوردستانی گرتەوەو هەموو سنوورێکی یاساییشی بەزاند، کە نووسەر بەژمارەو پێوانە باس لە قەدەغەکردنی ئەمجۆرە چەکانە دەکات و دەیان بڕیاریشی بەنموونە هێناوەتەوەو، دوای ئەوەش دێتە سەر بەرواری ١٩٨٧/٣/٢٩، کە رژێم ئەو چەکەی لە شێخ وەسانان و دۆڵی بالیسانی سەر بەشاری هەولێری خۆراگر بەکارهێناو زیاتر لە ٥٠٠ کەسی شەهیدکردن و دواتریش هەمان جۆرو چەکی لە گوندی(مەلەکان)ی سەر بەرواندز بەکارهێناو ٤٩ کەسی شەهیدکرد، زۆر نموونەی دیکەش. تا ئاستی کیمیابارانی هەڵەبجەو شەهیدکردنی پێنج هەزار کەس.

**٥- ئەنفالە بەدناوەکان:**

ئەنفال ناوێکی دیکەی ئیبادەکردنی گەلی کوردە، کە وەکو هەژار لەو کتێبەیدا بەوردی دەیگێڕێتەوە، رژێمی بەعس لەنێوان هەردوو ساڵی ١٩٨٧ تا ١٩٨٩ بە بەرنامەیەکی دیاریکراوی پێشوەختە لە دژی گەلەکەمانی ئەنجام دا، کە زوورتر لە ساڵی ١٩٨٣ بەبارزانییەکانی دەستپێکردو هەشت هەزار نێرینەی سەرووی هەشت ساڵانی لەنێوبردن و لە ئەنفالە چوارقۆناغییەکەی دواتریشدا(١٨٢) هەزار تاکی کوردی ئیبادەکردن، کە ئەمە بەتاوانێکی تاک وێنە دەژمێردرێ لە مێژووی قەتل و عامی بەشەریدا، کە کاکە هەژار زۆر بەوریایی لە سەری وەستاوەتەوەو بەشایستەترین شێوەش ناساندوویەتی.

**٦- گۆڕی بەکۆمەڵ، وەک بەڵگەو ئاکام:**

نووسەر لەم گۆڕە بەکۆمەڵانەدا ئەوە دەسەلمێنێ، کە رژێمی تووناوتوون چوو ،جینۆسایدی کوردی لەنێو ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەدا کردووە، کە سەرتاپای کوردستانیان داگیرکردووەو زۆرینەشیان نەدۆزراونەتەوەو ئەوەی دۆزراوەتەوە بەڵگەی حاشاهەڵنەگری سەلماندنی راستی ئەو رایەمانن. کە زۆر نموونەشی هێناوەتەوە، کە تیایاندا سەرو کەللەو جەستەی هەزاران کوڕە کوردو کچە کورد بەدیاردەکەون، کە هەندێکیان بە کورتەک و شەرواڵ و هەندێکی دیکەیان بەشەدەو دەسماڵ و ئەوانی دیکەش بەناسنامەو تەزبیح و پێڵاو و زۆر شتی دیکە دەناسرێنەوە، کە رۆڵەی کوردن و بەعس لەناوی بردوون، هەر تەنها لەبەرئەوەی کورد بووینە.

* پشکی دووەم: ئەشکەنجەدانی جەستەیی، یان رۆحی و سایکۆلۆژیی! کە ئەمەیان هەم دەستدرێژیکردنەو هەمیش سووکایەتییە بەکەرامەتی مرۆڤی کوردو، دەستووری نێودەوڵەتی و ئێراقیش بەتاوانی قەدەغەکراوی ناساندووە، چونکە بەجۆرێک ئازار بەجەستەو دەروون و رۆحی مرۆڤ دەگەیەنێ، کە بە هەشت بڕیاری جیاجیا قەدەغەکراوەو هەژاریش هەر هەشتیانی بەوردی لەدووتوێی چواردە لاپەڕەدا بۆمان شی کردۆتەوە.

* **پشکی سێیەم**: هێنانە ژێر باری کۆمەڵی کورد.

بریتییە لە شیکردنەوەی جۆرەکانی دیکەی جینۆسایدی دوور لە کوشتن و ئازاردانی جەستەیی، کە خۆی لە دەرکردن و تۆقاندن و راگواستن دەنوێنێ بەمەبەستی ئەوەی زۆرترین ژمارەی ئەو گەلە بۆ شوێنی دیکە بگوازێتەوەو دواتریش بەویستی خۆیان بێ، یان رەوانەی دەرەوەی کوردستان بکرێن، هەر تەنها لەپێناوی کەمکردنەوە ژمارەی تاکی کورد لەسەر خاکی کوردستاندا. هەژاری عەزیز سورمێ بەسەر دوو تەوەری سەرەکی دابەشیکردووە:

**یەکەم**: راگواستن و رەوپێکردن و تێکشکاندن لە سنووری کوردستان و ئێراق، کە ئەم خاڵەشی دوو لەتکردووەو، لە لەتی یەکەمیاندا باس لە تەرحیل و تەهجیری گوندو دێهاتەکان و دیاردەی ئۆردوگا زیندانییەکان دەکات و لە لەتی دووەمیشدا دێتە سەر تەهجیرو تەعریب و ئابلووقەی ئابووری لە شارە گەورەکاندا، لە هەردوو لەتەکەشدا وەکو پارێزەرێکی شارەزاو بەئەزموون بەدووروودرێژی مەبەستی گڵاوی رژێمان بۆ ئاشکرا دەکات لەو کارە چەپەڵەیدا.

**دووەم**: راگواستن و دەرپەڕاندن بۆ دەرەوەی سنووری ئێراق، کە کارەساتی کوردە فەیلییەکانی خستۆتە ناوونیشانەکەوە، وەکو نموونەیەکی زیندووی ئەم تاوانە گەورەیەو بەسەر سێ حاڵەتی دابەشیوونەتەوە، کە یەکەمیان بریتین لەو کەسایەتییە نێودارانەی لە ترسان رایان کردووەو لە ئەورووپاو وڵاتانی دیکە گیرساونەتەوە. دووەمیان ئەوانەن کە لە ترسی چەکی کۆکوژ بەرەو تورکیاو ئێران رەویان کردووەو، سێیەمیشیان بریتین لەڕەوی فەیلییەکان کە بە بەرنامەیەکی ئامادەکراوی پێشوەختە بۆ ئێرانیان راگواستن، نووسەر زیاتر لەسەر ئەو تاوانە وەستاوەتەوەو بەتێروتەسلی مەلەفێکی سەربەخۆی بۆی دارشتووە، بەجۆرێک دەکرێ فەیلییەکان ئەم مەلەفەی هەژار وەکو خۆی بدەنە دەستی دادگای دادی نێودەوڵەتی و بەهۆیەوەش شکایەت لە رژێمی گۆڕبەگۆڕ بکەن کە لە رابردوودا چی بەسەردا هێناون، کە دڵنیام خۆیان ئەمجۆرە زانیارییانەیان نییە، کە هەژار وەبەردەستی کەوتوون.

دوای ئەوەش دەقی ئەو یاداشتنامەیەی بڵاوکردۆتەوە، کە رێکخراوی مافی مرۆڤی فەیلییەکان لە ١٩٩٢/٢/٢٨ ئاراستەی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانیان کردووە، بەڵام بەداخێکی زۆر گرانەوە ئەویش فەرامۆشی کردووە وەکو زۆرینەی هەرە زۆری یاداشتە کوردییە فەرامۆشکراوەکانی دی.

* پشکی چوارەم: نەزۆککردن.

کە مەبەستی بنەڕەتی رژێم لەو تاوانە تاکوێنەیەدا بریتیی بوو لە وەستاندنی زاوزێ و وەچەنانەوەی گەلی کورد لەم پارچەیەی کوردستانداو، ئەوەشی دابەشیوەتە سەر چەند حاڵەتێکی جیاجیا:

١- **هۆکارە راستەوخۆکان**: وەک خەساندنی پیاو و بڕینی ئەندامی لەشی ئافرەت، کە منداڵی لێ دروست نەبێ.

٢- **ئەو حاڵەتانەی کە بەدەرزی و داوودەرمان**، منداڵبوونیان لێ قەدەغە دەکرێ.

٣- **شەڕی دەروونیی نێو زیندانەکان**، کە دەروونی مرۆڤ بەجۆرێک دەڕووخێنێ، کە ئارەزووی هیچ لەزەتێکی نەمینێ.

٤- **پیسکردنی ژینگە**، کە چاکتان لەبیرە، ئەو رژێمە بۆگەنە زیاتر لە نۆسەد بیرەنەوتی کوێتی سووتاندو بە دووکەڵەکەشی بارانی رەش باری.

٥- **کاردانەوەی شەڕە بەردەوامەکان** لەسەر دەروونی ئینسانەکان.

* **پشکی پێنجەم**: تێکشکاندنی منداڵ و جینۆسایدکردنی کلتووری، کە مەبەستی نووسەر لەم پشکەدا، بریتییە لە رەتکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە هزری منداڵانی کورددا و رەتکردنەوەی کلتووری نەتەوەیی و جوگرافی و مێژوویی لە مێشکی منداڵەکانمان بەزۆر شێوازی جیاواز، کە هەر هەموویان بە بەشێک لە تاوانی نێودەوڵەتی و رەشکردنەوەی کلتووری راشکاوانەی ئێمە دەکەونەوە، کە رژێم بۆ ئەو مەبەستە هەموو رێگایەکی قەدەغەکراویشی گرتۆتەبەر بەوپەڕی سەخاوەتیش پارەی گیرفانی گەلەکەی خۆی بەقوربانی ئەو تاوانە باوەڕپێنەکراوە کردووە، کە لەسەر منداڵەکانمانی پیادە کردووە، دوازدە لاپەڕەی لەسەر نووسیوەو دواتریش پەراوێزەکانی ئەمپارەی هۆنیوەتەوە، کە هەشت لاپەڕەیان داگیرکردووەو بریتین لە شەست و نۆ پەراوێز.

**** پاری سێیەم**: نەخشەو شێوازو ئەنجامدەرانی جینۆساید.

ئەم پارە بەشێکی سەربەخۆی کتێبەکەیەو دابەش نەکراوەتە سەر هیچ پشکێک و تیایدا نووسەر باس لە سەرەتاکانی نەخشەکێشانی هەر تاوانێکی جینۆسایدی بەئەنقەست و مەبەستدار دەکات، کە تاوانکارە، کە بەرایی نەخشەی گونجاوی خۆی بۆ دادەڕێژێ و دوای هەندێش دەکەوێتە قۆناغی خۆئامادەکردن و سووربوون لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکەو دابینکردنی چەک و تەقەمەنی پێویست بۆ جێبەجێکردنی تاوانەکەو، دواتر دێتە سەر شێوازی ئەم جۆرە تاوانانەو بەپێی یاسا لە هەر جۆرێکی ئەنجامدان و سزاکانیشیان وشیارمان دەکاتەوەو ئەنجامدەرانیش دەکاتە دوو گرووپ. کە یەکەمیان ئەوانەن رۆڵی سەرەکی لە جێبەجێکردنی تاوانەکەدا دەگێڕن و دووەمیشیان ئەو کەسانەن کە بەپاشکۆی ناوزەد کردوون، بەوەی رۆڵی ناڕاستەوخۆو لاوەکییان هەیە. لە بەجێگەیاندنی تاوانەکەو بەدەستی خۆی هیچ شتێک ناکات.

لەوێوە دێتە سەر جینۆسایدکردنی گەلی کورد لەسەر دەستی رژێمی بەعسیدا، دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و بەروارەکەی دەکەوێتە دوای ساڵی ١٩٧٥، کە رژێمی بەعس بەرنامەیەکی چڕوپڕی بۆ قاتوقڕکردنی گەلی کورد داناو کەوتە سەر جێبەجێکردنی، بەفەرمان و سەرکردایەتی ئەو سەدام حوسێنە دڕندەیەی ئەوسا، پێنج پلەی مەزنی هەبوو، کە باریشی کەوتە لەنگییەوە لە کونەجورجێک دەریانهێناو دواتریش وەکو ترسنۆکێک مل و گەردەنیان بەپەتی سێدارە سپارد. گرنگتر ئەوەیە، کە هەژار لەم پارەی کتێبەکەیدا هەموو بەرواری تاوانەکانی لەبیرەو دەشزانێ هەر تاوانێک چ سزایەکی گەرەکەو بەچ ژمارەیەکی بڕیاری یاساییش ئەو سزایەی بەسەردا دەسەپێندرێ!

– دواتر دێتە سەر ئەو کەسانەی کە رۆڵی سەرەکییان گێڕاوە لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە مەزنەو لەوانیش: عەلی کیمیایی و بارزان تکریتی(کە بەسزای رەوای خۆی گەیشت)و تەها جەزراوی لەسێدارە دراو، حوسێن کامیل و سەدام کامیلی بۆتە زاوای سەدام و عیزەت دووری و سەبعاوی زڕبرای سەدام و سوڵتان هاشم و تاریق عەزیزو دەیانی دیکەش، کە هەر هەموویانی پێمان ئاشنا کردووە، کە هەر ئەوان سەرکردایەتی ئەنجامدانی ئەو جینۆسایدە خەتەرناکەیان کردووەو ئەمڕۆکەش ئەوەی بەسزای گەلی کورد گەیبوە کەوتۆتە نێو دۆزەخی ئەبەدی و ئەوانی دیکەش رۆژانە لە شاشەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە بەئاشکرا لەسەر جینۆسایدکردنی کوردان موحاکەمە دەکرێن و دواتریش بەسزای عادلانەی خۆیان دەگەن، کە هەرە سادەکەیان بریتی دەبێ لەسزای لەسێدارەدان و مل قوتکردن!

ئینجا وەکو نموونە هێنانەوە دێتە سەر تاوانبارێکی جەنگی دووەمی جیهانی و لە سێ خاڵی گرنگدا سەرکۆنە دەکات و بەتاوانبارێکی ئەمجۆرە تاوانانەشی دەناسێنێ!

* پەراوێزەکانی ئەم پارە بریتییە لە بیست و یەک

پەراوێز، کە لەنێو ئەم کتێبەدا سێ لاپەڕەیان داگیرکردووە.

**** **پاری چوارەم**: سـزادانی رژێم و دادگاییکردنی- چۆن؟ ئەم پارەشی خستۆتە دووتوێی یەک پشکی قەوارە بچووکی، یەک نموونەییدا، کە تیایدا بەراییەکەی باس لە رێککەوتننامەیەکی دووقۆڵی دەکات. بۆ لەنێوبردنی تاوانی رەشەکوژی، کە لە ساڵی ١٩٥٨دا لەنێوان یەکێک لە سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی(کە دەستنیشانی ئەوە نەکراوە ناوی چییە)و لە وڵاتی عێراقدا ئەنجامدراوەو واژۆی هەردوو لایشی لەسەرە.

دوای هەندێش دێتە سەر کێشە هەڵایساوەکانی ئەمڕۆکەمان و لەسەر ئەو تاوانە گەورانە دەوەستێتەوە کە دژی ئێمەی کورد ئەنجامدراون کە هەر هەموویان بریتین لە قاتوقڕکردن و جینۆسایدی بەردەوامی بەکۆمەڵ و بەدەیان یاسای واژۆکراوی نێودەوڵەتیش دژی ئەو رەشەکوژیانە وەستاوەتەوەو فێرمان دەکات چۆن بەیاسا نێودەوڵەتییە فەرمییەکان بەرگری لە بوونی خۆمان بکەین، کە لە رابردوودا هەمیشە قوربانی بێ تاوان بووینە!

ئینجا دێتەسەر بەرواری داگیرکردنی وڵاتی کوێت لە لایەن رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕەوە لە بەرواری ٢/٨/ ١٩٩٠و بەدواهاتەکانی کە لەهەر هەموویان بۆ ئێمە گرنگترە، بەڕای کاکە هەژار راپەڕین و کۆچە ملیۆنییەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١)ە، کە ئەوسا ئەمریکا هیچ کاردانەوەیەکی نەریتی نەنواندو بەکێشەیەکی نێوخۆی ئێراقیشی ئەژمارد.

بۆیە هەژار لە بەرەنجامی ئەو پارەی کتێبەکەیدا، دەگاتە ئەو قەناعەت و بۆچوونەی کە زۆر بەڕاشکاوی بڵێ: رەنگبێ وروژاندنی دادگاییکردنی(سەدام حوسێن)یش لەسەر داگیرکردنی کوێت بێت، نەک جینۆسایدو قەتل و عامکردنی گەلی کورد.

ئینجا ئەو بیروبۆچوونەشی زۆر بەخێرایی پەسند دەکەم، کە دەڵێ ئەگەر پاڵپشتی و هاوسۆزیی دنیا بەگشتیی و ئەوروپا بەتایبەتی نەبوایە دووچاری کارەساتی مەزنتریش دەبووینەوە!

**** **پاری پێنجەم**: جینۆسایدو بنەمای رادەستکردنەوەی تاوانباران.

– ئەو بەشەی هەژار باسێکی زۆر کورتی پێنج لاپەڕەییە، بەڵام بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی تاوانی جینۆساید بەگرنگ دەژمێردرێ، بەوەی باس لەو تاوانبارانە دەکات، کە جاران ئەگەر تاوانێکی گەورەی رەشەکوژییان بکردایەو دواتریش یاسا بەدوویان بکەوتبایە هەمیشە رایاندەکردە ئەو هەرێم و دەوڵەتانەی کە تاوانباری سیاسییان رادەستی هەرێمەکەی خۆی و وڵاتەکەی خۆی نەدەکردەوە، بۆ ئەوەی وەبەر سزای قورس نەکەوێت.

دواتر دێتەسەر ئەو وڵاتە رچەشکێنانەی کە ئەم یاسایە نایاساییەیان رەتکردەوەو وڵاتی ئیتاڵیاش بە رچەشکێنی یەکەم دەناسێنێ، کە دواتر وڵاتانی دیکە هەمان رێچکەیان گرتۆتەبەر، لەوانەش بەریتانیاو ئەمریکاو ئینجا وڵاتە بچووکترەکان.

لەوێشەوە دێتەسەر تاوانکاری یەکەمی ئەم سەردەمەمان، کە سەدام حوسێنی گۆڕبەگۆڕەو بەمافی رەوای هەر گەل و لایەنێکی دەزانێ کە بەدەستی ئەو تاوانکارە ئازاریان پێگەیشتووە، داوا لەو هەرێم و وڵاتانە بکەن، کە رادەستی ئێراقی بکەنەوە.(کە دەبێ لێرەدا ئەوەتان بۆ روون بکەمەوە، کە نووسینی ئەم کتێبەی(هەژار) پێش گرتن و دادگاییکردن و لەسێدارەدانی سەدام و دارودەستەکەی بووە، بۆیە ئەو بەشەی بەوپەڕی دڵسۆزی دەناسێنم، کە پێش رووخاندنی ئەو رژێمە بۆگەنە بەوپەڕی جورئەتەوە ئەو جۆرە رایە بوێرانەی هەبووەو لەو کات و ساتە ترسناکەدا بەو جۆرە بوێرییە داوای ئەوەی کردووە تۆڵەی ئەو خەڵکانەیان لێ بکرێتەوە، کەلەژێردەست و چنگ و چەپۆکیاندا بەئازار گەیشتوون).

هەر بۆیە لە کۆتایی ئەم پارەیدا بەچوار خاڵ بەرگری لە پێویستبوونی رادەستکردنەوەی ئەو تاوانکارە زاڵمانە دەکات، کە بریتین لە:

١- نوێنەرانی حکومڕانی وڵاتەکەو ئەو کەسانەش کە راستەوخۆ بەشدارییان لە تاوانی رەشەکوژیدا کردووە.

٢- رێخۆشکەرانی راستەوخۆی ئەنجامدانی ئەمجۆرە تاوانانە.

٣- پیلانگێڕەکانی ئەمجۆرە تاوانانە.

٤- ئەو نوێنەرانەی دەوڵەت، کە چاوی خۆیان لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانانەدا داخستووە.

******** پاری شەشەم و کۆتایی:** جینۆساید کۆنیش بێت بەسەر ناچێت، کە ئەمەش بابەتێکی زۆر کورتەو باس لەوە دەکات کە دوای تێپەڕبوونی کاتی یاسایی بەسەر ئەنجامدەری هەر تاوانێک ئەگەر کەسی بەرامبەر سزاکەی نەبزوێندبێتەوە، ئەوا سزاکە بەسەر دەچێ و تاوانبارەکەش بەبێ سزا دەژمێردرێ و ئازاد دەکرێ، کە بەڕای نووسەر ئەگەر ئەو بەسەرچوونە بۆ تاوانێکی ئاسایی لۆژیکی و لەبار بێت، ئەوا بۆ تاوانی دژە مرۆڤایەتی و جینۆساید هەرگیز ناشێت، بەوەی قەتل و عامی گوناهبارو بێ گوناهی بەیەکەوە کردووە، کە بۆ ئەو کورتیلە باسە چەند نموونەیەکی هێناوەتەوەو پازدە پەراوێزیشی بۆ هەر سێ پاری چوارەم و پێنجەم و شەشەمی ئەم کتێبەکەی دەستنیشان کردووە.

*** کۆتایی و دەرەنجام..**

نووسەری ئەم کتێبە دوای تەواوکردنی سەرجەم پارو پشکەکانی کتێبەکەی هاتووە لەدووتوێی پێنج لاپەڕەدا سەرلەنوێ پوختەیەکی سەرلەبەری ناوەڕۆکی ئەم کتێبە شلۆڤە کردۆتەوەو تیایدا مەزلوومییەتی لە مێژووی گەلەکەی خۆمانمان پێ ئاشنا دەکاتەوە، کە بەشێکی هەرەزۆری بریتی بووە لە جینۆسایدو ئیبادەکردنی گەلی کورد لە لایەنی: جەستەیی و زمان و کلتوورو هزرو بیرکردنەوەی سیاسی و ئارکیۆلۆژیاو مێژوو و جوگرافیاو...هتد، بەبۆچوونی من هیچ گەلێکی دیکەی ئەم گۆی زەمینە ئەو هەموو قوربانییەی بەرنەکەوتووەو ئەگەر چارەگێکی ئەم قوربانیانەشی بەرکەوتبێ ئەوا بێ گومان ئەمرۆکە بۆتە دەوڵەت و ئاڵاکەی لەسەر باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەشەکێتەوە.

دواتر بەپوخنی باس لەوە دەکات کە رژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس هەموو رێگەو وەسیلەیەکی وەحشیگەرانەی بڕوانەکردەی لەم جۆرە تاوانانە بەکارهێناوە، بەنیازی لەنێوبردنی راستەقینەی یەکجارەکی گەلەکەمان، بەڵام سوپاس بۆ خودا کە گەلەکەی ئێمە گەیشتە نەک هەر قۆناغی مانەوەو لەنێو نەچوون، بەڵکو بووە خودان ئەو بڕیارەی کە بەدەنگی خۆی و یارو یاوەرانی دیکەی وڵاتەکەی، کە ملی سەدام حوسێنی تاوانکارو سەرجەم جەللادە هاوشێوەکانیشی بەپەتی سێدارەوە کران، کە ئەمە یەکێک بووە لە ئومێدەکانی (هەژاری عەزیز سورمێ)، کە ئەو کتێبەی داڕشتووەو ئەمرۆکە(مەسعوود پەرێشان)ی برادەری لە ناساندنی ئەم کتێبە گرانبەهایەدا زۆر بەخۆشنوودی دەیکاتە مژدەیەکی فەرەحنایی و دەڵێ: کاکە هەژار بەئاسوودەیی بخەوە، چونکە ئومێدەکانت هاتنە دی و با ئەو مژدەیەشت بۆ بکەمە دوا خاڵی دەرەنجام و بەرەنجامی ئەو کتێبەت، کە بەڕاستی لەو رانان و خوێندنەوەیەیدا هەم ئازاری دام بەوەی لە زۆر حاڵەتدا زۆری گریاندووم بەتایبەتیش لەو سەدو قسوورە جۆرە ئازارەی کە رژێمی بەعس بەرامبەر بەکوڕو کچە کوردە گیراوەکانی پیادەکردوون و هەمیش دڵشادی کردووم، بەوەی وادەزانم خۆم ئەم کتێبەم نووسیوەتەوەو وەبەرهەمم هێناوە.

*** پاشبەند.**

لەبەرایی ئەم پاشبەندەدا هەژار دەڵێ: وەک چەند بەڵگەو بڕوانامەیەکی سەلمێنەر بۆ ناوەڕۆک و دەقی ئەم کورتە لێتۆژینەوەیەو بەمەبەستی پتر زانیاری و رۆشنایی خستنەسەر بابەتەکە بەپێویستمان زانی ئەم پاشبەندە ئامادە بکەین، کە لە هەندێکیاندا بۆ نووسینی باسەکەی سوودی لێ وەرگرتوون، لەوانەش: رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی کۆمەڵکوژیی و سزادان لەسەر ئەنجامدانی لەگەڵ رێککەوتننامەی بەسەر نەچوونی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی، کە هەردووکیان رێککەوتننامەی واژۆکراوی نێودەوڵەتین، لەگەڵ بڕیارێکی دیکەی هەمان شێوە. بەناوی(بنەماکانی ئالیکاری نێودەوڵەتی لە بەدواداچوون و گرتن و رادەستکردنەوەو سزادانی کەسانی تاوانبار بەئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکان دژ بەمرۆڤایەتی). کە تیایدا ناوی حەفتاو پێنج ناوچەو گوندی تۆمار کردووە، کە لە چ بەروارو مێژوویەک هێرشیان کراوەتە سەرو خاپوور کراون.

ئینجا دێتەسەر بڕیارەکانی ئەنجوومەنی قیادەی سەورەو دامودەزگاکانی دیکە، کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لەو بڕیارانەی کە بەهۆیانەوە سەدان و هەزاران لاوی کورد کەوتنە بەر دەستدرێژی گوللەو پەتی سێدارە، کە زۆربەی ئەو بڕیارانە پەیوەندی راستەوخۆیان بەناوەڕۆکی ئەم کتێبەوە هەیەو،

لەوانەش: ئەو بڕیارەی کە عەلی کیمیایی دەکاتە حاکمی ڕەهای کوردستان و ئەو بڕیارەش کە گوندەکانی کوردستانی پێ خاپوور دەکەن و، ئەوەش کە دایکی شەهید محەمەد حەللاق بەشۆڕشگێڕ دەناسێنێ، لەگەڵ بڕیاری لەسێدارەدانی و دەیان بڕیاری دیکەی ئەمنی هەولێرو بۆ ناردنی تەرمی لەسێدارە دراوان و رووخاندنی خانووی کەسانی شۆڕشگێڕو هیجرەتی کوردان بۆ نێو شاری کەرکووک و دەیان بڕیاری دیکەی هاوشێوە، کە هەر هەموویان لەنێو ئەم کتێبە گرانبەهایەیدا وێنەی کۆپیکراویان بڵاوکراوەتەوەو بەسەرکۆشیانەوە دەبنە کۆدەنگیبیەکی پەسندکردنی ناوەرۆکی ئەم کتێبە!

*** دوا پاشبەند:١- یان عاجباتی نامەی ئازارو ئەشکەنجەو کوشتن-!!!**

له دوا پاشبەنددا، نووسەری ئەم کتێبە دوای ماندووبوونێکی هێزپرووکێن نموونەی شێوازەکانی کوشتن و ئازاردان و ئەشکەنجە بەخشین و هەموو جۆرە لەناوبردنێکی دیکەی بۆ شیکردووینەتەوە، کە رژێمی بەعس لەنێو زیندانەکانی خۆیدا دژی ئێمەی کوردو هەر هەموو هاودژەکانی خۆیشی پیادەی کردوون، کە لە خەون و خەیاڵ و دالغەش ناچن و. بڕیارەکانی بەکاربردنی چەکی کیمایی و کوشتنی بەکۆمەڵ و ژەهراویکردنی نان و بەکارهێنانی ژەهری سالیۆم و زەرنیخ و ژەهرە جۆراوجۆرەکانی دیکەو سینایدی پۆتاسیۆم و لەنێوبردنی یەکتری و مەیدانی خوێن و ناچارکردنی گیراوەکان بەخواردنەوەی نەوت و گازوایل و بەنزین و میزو پاشەڕۆی دیکەی مرۆڤ و خواردنەوەی کحوولیی بەشێکن لەو جۆرە ئازاردانە، لەگەڵ زۆر جۆرە تاوانی دیکەش، کە بەخەیاڵی هیچ کەسێکمان گوزەر ناکەن، لەوانەش تواندنەوەی مرۆڤی کورد لەنێو بەرمیلی قیری تواوەدا لەگەڵ بەرمیلی تیزاب و چاوەدەرهێنان و بڕینی زمان و دەرهێنانی نینۆک و بەشێکی لووت و گوێ و لێوو بوتڵ پێهەڵگرتن بەکۆمەوەو سووتاندنی جەستە بەقونکە جگەرەو سۆپاو هەڵواسین بەپانکەو، دەیان و سەدان جۆری دیکەی ئازاردان، کە پیاو رووی نییە هەر هەموویان بگێڕێتەوە، کاکە هەژار هەر هەموویانی لەدووتوێی سەدو سێ جۆرە ئازاری ناشایستەدا تۆمار کردووەو وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژووییش پێشکەشی دادگای دادی کوردستان و ئێراق و نێودەوڵەتیش دەکات، بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا بەهۆی ئەو بەڵگەنامە شایستانەوە بتوانین شتێک بەشتێ بکەین و بوونی خۆشمان بسەلمێنین!

*** چەند بەڵگەیەکی وێنەیی:**

له دوا بەڵگەنامەی ئەم کتێبەدا هەژار لەدووتوێی بیست و یەک لاپەڕەدا کۆمەڵێک وێنەی شایستەمان پێشکەش دەکات، کە سەلمێنەری راوبۆچوونەکانی ئەوون لەوانەش: ئەو ماڵانەی بە(تی ئێن تی) تەقێندراونەتەوە لەگەڵ دیمەنی دیکە کە مافی مرۆڤیان پێ شەرمەزار دەکرێ و ئابرووی مرۆڤبوونیشیان پێ دەبردرێ، لەگەڵ ئەو وێنانەش کە تەعریب و تەبعیس لە کوردستاندا دەناسێنن، کە رژێم چۆن پیادەی کردووەو کوردی پێ زەلیل و بێ ناسنامەی راستەقینەی نەتەوایەتی بوونی خۆی کردووە،

*** دوا پەرە-گراف:**

بریتین لەو سەرچاوە گرنگ و باوەڕپێکراوانەی، کە لە داهێنانی ئەم کتێبە دەگمەنە تاک وێنەیەدا، کاکە هەژار پشتی رەهای خۆی پێ بەستوون، کە بریتین لە: نۆزدە کتێبی عارەبی و سێ گۆڤاری گرنگی دیکەی عارەبی و پێنج رۆژنامەی دیکەی ناسراوی عارەبی، لەگەڵ چوار بڕوانامەی یاسایی ئێراقی و شازدە بڕوانامەی دیکەی جیهانی و فەرهەنگێکی مەزن بەناوی(الموسوعة العربية الميسرة). کە بەسەر کۆیانەوە دەبنە خەرمانلۆغەیەک لە رنینەوەی بەرەنجامی ئەو هەموو زانیارییانەی لەنێو ئەم کتێبە دەگمەنەدا کۆکراونەتەوە.

**• پێشنیازێکی رەوا.**

دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە مەزنە بوومەوە، گەیشتمە ئەو رایەی کە بێ یەک و دوو لێکردن بکرێتە بەرنامەی خوێندنی کۆلێژی هونەرە جوانەکان و وەکو پەیڕەو پرۆگرامێکیش پەسەند بکرێ و بەو جۆرەش مامەڵە لەگەڵ ئەدەب و رۆشنبیری و هونەردا بکرێ! کە ئەمە باشترین بەڵگەنامەی مێژوویی جینۆسایدکردنی ئێمەی کوردە!!!